هاوڕێم



ئه‌و نامه‌یه‌ی که‌ دێته‌ لات
مندالی خه‌ونێکی به‌سته‌زمانه‌
نازانێ به‌ چ زمانێ
له‌گه‌ل سمۆره‌کانی ئێره‌ بدوێ
ئه‌و نامه‌یه‌ی که‌ دێته‌ لات
ساوای خه‌ونێکی پاکیزه‌یه‌
له‌ گیرفانی سه‌رخۆشه‌ ئیندیانه‌کان خۆی ئه‌شارێته‌وه‌
ووشه‌کانی ئه‌و نامه‌یه‌
زۆر له‌وه‌ کێویترن
که‌ بتوانم به‌ باخچه‌یێك
یان به‌ دارستانێکیش بۆت بنێرم
پیته‌کان نایانه‌وێ
له‌ یه‌کتر گرێ بدرێن
گرێ
ئه‌و قه‌له‌باچلانه‌ بۆم ئه‌که‌نه‌وه‌ که‌ له‌ رۆخ شه‌قامه‌کاندا سه‌ما ئه‌که‌ن
زۆر له‌وه‌ ئه‌ترسێم
یه‌کێ له‌ یادگاره‌ کۆنه‌کانی باپیره‌ گه‌وره‌ی بمناسێته‌وه‌
ئه‌گه‌ر چی باوڕ بکه‌
بۆ ته‌نیا جارێکیش ئازارم نه‌داون
نه‌شم ئه‌توانی براده‌رایه‌تی ئه‌و مندالانه‌ نه‌که‌م که‌ ماله‌کانیان لێ ئه‌سووتاندن
له‌م نامه‌ نووسینه‌م بێزار مه‌به‌
بێ وویستی من
هه‌ندێ له‌ ووشه‌کان له‌ شه‌قه‌ی بال ئه‌ده‌ن
ئاگام لێیه‌
له‌ په‌نجه‌ره‌وه‌ چاك ئه‌یانبینم

چۆن لە سە ر بە ژنی ئە م داره رووتانە
ئە یانە وێ ببنە گە لا
منیش هێدی هێدی
یادگاره کۆنە کانم کردۆتە مە زه ی خۆ خواردنە وه یە کی ئە وه ندە تال
مە گە ر هە ر سە گی ئە و مالانە بمناسنە وه
کە لە پشت پە نچە رە وە تە ماشە م ئە کە ن
لە ناو شوشە بە تالە کانیش
تۆ دە بینم
چۆن بە سە ر پشتی چۆلە کە کان بە رزئە بیە وه
ئە تۆش ئە وه یتریان
ئە م خە مانە ت زوو بتراشە
هە ر چە ند ئە کە م
لە ناو چڕی ئە و ئازارستانە ناتدۆزمە وه
زۆر ئە ترسێم
باخی پە پولە و
باخی هە نگ و
باخی مانگە شە وت
بە و دڕکانە خنکاندبێ
کە نیگاری روحتی ئە شاردە وه
هە زاران جار پاڕامە وه
دلت مە دە دە ست ئە و شێوە کارانە ی
مودمینن بە رە نگ
گولە کانی خۆشە ویستیت
لە تە ڕایی دایکت ئە خۆنە وه
تا کو ئێستاش
رە نگی چاو و
روومە ت و
لێو و
سینە یان هە ر پێوە یە
بە ردە وام بە
ئە وه ی تریش
بە ردە وام بن
ئە و رۆژانە کۆکە نە وه
کە بێئاگایانە لێمان ئە ڕژان
ئە و رۆژانە بە رە لا بکە ن

که  به ئاگایانه  ئه مانبه ستن
وه رن
با بچینه  دویّ
ته مه ن  زۆر  له وه  گه وره تره
که  به  سال  پێوانه  بکرێت
رۆژ و  شه ویش
له  کاتژمێر  گریّ  مه ده ن
ده رگاکانی  خه ون  بدۆزنه وه
له ویّ  رۆژژمێر  نیه
له  دایك  بوونێکی  به رده وام
مردن  نیه
دوور و  نزیك  وه کو  یێکه
ره نگه کان  به  گوێش  ئه بیندرێن و
ده نگه کان  به لوتیش  ئه بیسترێن
وه رنه  پێشیّ
با  بچینه  دویّ
تا  ئه م  جاره ش
ره نگی  ماچی  خۆشه ویسته کانمان
له و  شانۆیانه  به کار  بێنین
که  ده قیان  لێوه  ئه زیّ
با  ئه م  به هاره
له  ده نگی  ماچی  خۆشه ویسته کانمان
ده نگاره  بته قێته وه
ماچبارانی  ئه و  شیلانانه  بکه ین
زه مه نێکه  باڕووتیان  لیّ  نیشتوه
چیدیش  گلۆپی  شه قامه کان  ناشکێنین
بۆ  ژوانی  ماچ
ده رگاکانی  هه تاو  ئه که ینه وه
بۆ  گه ڕانه وه ی  ئه فسانه کان
له  میحرابه کانی  زه رده شتیش
ئه و  باخچانه  ئاوه دان  ئه که ینه وه
که  فێریان  ئه کردین
مرۆڤ  خه ونێکه  له  ره نگی  گول و  له  تامی  باران
ئه و  نامه یه ی  که  دێته  لات
بۆنی  ئه و  ژنه ی  پێوه یه

که غیره ی عیسا کوشتی
ئه یویست به ته نیا کوڕی خوا بێت
جوانی ئه و ژنه ی هه لگرتووه
ڤینۆس له خواکانی ئه شارده وه
دواییش بوو به عائیشه
له گه مه ی ئیسلام
ئه وه تانێ به ر له جه مه لیش
ژووره داخراوه کانی مه حه مه دی دایه به ر خۆر
ئه و نامه یه ی که دێته لات
بارانێکه
زۆر ته ڕتره له روحی سۆزانیه کان
ماچه کانتی پێ ته ڕکه وه
ده نکه خه ونه کانی تیا بڕوێنه
بۆ پیاهه لچونی خه یاله لاولاویه کان
به ئا گامه
له ووشکایی ته مه ن له وێ
بۆنسۆی حه زستانی عاشقه کان ئه گاته لام
ئه م ده ڤه ره بێ خودایه
خوای کێوه چوو
قوژبن نه ما بۆی نه گه ڕێم
که له ن نه ما نه یپشکنم
ئه وه ی جارێ له نێو مه مکی ئه و ژنه دا دۆزیمه وه
له روخساری ئه و نامه یه ئه کات
که دێته لات
ئه م نامه یه نهێنی بوونێکی هه لگرتووه
له ژێر قه یماغه ی برینی په پوله کان پارێزراوه
له گه ل سه مای ئه و ژنه دا ده رئه که وێ
سۆزکردنی دره خته کان ئازاد ئه کات
له بینایی ئه و ژنه دا دۆزیمه وه
دۆزیمه وه
شوێن پێی خودا ئاڤڕێیه که م
بۆ کوێی ئه با ئه م رێچکه یه
به دوا چوونم
گۆرانیێکه له مردوه کان گوێم لێ ئه بێ
سه نگانه وه م

گۆرانییێکه له به رده کان گوێم لێ ئه بێ
گه ڕانه وه م
پیر بوونێکه بێ گۆرانی
ئه و نامه یه ی که دێته لات
له م ده ڤه ره ی بێ ناونیشان
نامه یێکه له دارنامه
له گه ل جوانی ئه م ژنه دا بالا ئه گرێ
له گه ل مه مکه کانی ئه و ژنه دا زاوزێ ئه که ن
بۆ تێکه ل بوون به روحی ئه و
سه وز ئه بن
سه وز سه وز
سه وزتریش له و مێرگانه ی کانیه کانی له عشقه زێن
ئه و نامه یه ی که دێته لات
خه رمانه ی ته مه نێکه
له به رماوه ی ئه و کێشکانه ی
ئازادانه له کێلگه ی خه ونه کانمان ئه ژیان
ئاگات لێ بوو
چۆن له سوانده ی خانه کانمان زیادیان ئه کرد
چاك گوێم لێته
هاوار ئه که یت
ئه و کاته چوو
که بارانبڕه کان بارانیان ئه هێنا
سێبه ری داره کانیش
سه د ئه وه نده ی کێشی خۆیان قورسترن
له نامه یێك بۆت نووسیبووم
خنکان له تێنوێتی زۆر خۆشتره
له خواردنه وه ی په لامیزی پیره کانیان
ئه و هه ورانه له کێ تۆران
شاره که میان بێ باران کرد
چ کفرێ بوو
که له به فری ئه م شاخانه ی کرده ره ژوو
شه رمه زاری کامه گونه ه
رووی ئه م خاکه ی زه رد هه لگه ڕاند
کام نگبه تیه
ئاوه زێیه کان به بێ ده نگ ئه خنکێنێ

ئه م هه ناسه ساردیه ببڕنه وه
بۆ خاتری گول
گوله کان به هار بڕاون
وه رزێك نیه بۆی پێبکه نن
زه مه نی به به رد بوونی شه ونمه کان ترسناکه
له م نامه یه
روناکی ئه و ژنه تان بۆ ده نێرم
گیان ئه داته خۆله مێشی ئه و لاشانه ی له خه م سوتان
ئێوه ش
گۆڕستانی خه ونه کانی بده نه به ر
ئه و ژوورانه ی پیا رووناك که ن
که رێی گه یشتنی خۆریان نیه
ئه و چاوانه ی پیا بکه نه وه
که ره نگه کان له یه ك
ره نگ
دا
ئه بینن
ماچه خنکاوه کانی
گه روی عاشقانی پیا ته ڕ که نه وه
له سه ر ئه و لێوانه ی له بێ ماچی ووشك ئه بن
کێ گوێی لێ بوو
که خوا گووتی
ماچکردنه کان پێغه مبه رن
کام پێغه مبه ر ئه وه ی زانی
که خوا له لێوه کاندا ئه ژی
ئه مه نهێنی نیه ئه یدرکێنم
واش تێنه گه ن
خه ونێکی ساوای ئه و په پولانه یه
سه رخۆشانه سه ما ئه که ن
لاپه ڕه ی ئه و چه نگانه بپه ڕێنن
نیوه ی مرۆڤ له هێستر و
نیوه که ی تریش نیوه مرۆڤ
تا ئه گه نه له قاندنی به رده توخوب
له وێنده رێ
له ناو گه مه ی ئه و فه یله سوفانه ی ته مه نی خۆیان به په لیکانێ دۆڕاند

چه ند كه لايێك و
ده ست كه لايێك ئه دۆزنه وه
ئه و كات هاوڕێم
تۆ پێم ئه لێی
ئه و نامه يه ی كه دێته لام
خه ونێكه له خه و بينين
بينينێكه له خه ونه ژن
ژنێكه له خه و بينين
بينينێكه له ژنه خه ون
خه ونێكه له ژنبينين

3ی12ی2000 کەنەدا


هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com